# کەمبوونەوەی دۆستەکانی ئامریکا و دەوڵەتی کوردی

**هاوڕێ باخەوان**
**لاهای – هۆڵندا**
2003-04-30

پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەری 2001, دەرکەوت کە ئەوانەی ئەو هێرشەیان ئەنجامداوە 15یان خەڵکی عەرەبستانی سعودین. هەربۆیە لەوکاتەوە پەیوەندیی نێوان سعودیە و ئامریکا بەرە و ساردییەکی زۆر ڕۆیشت.
ئەم ساردییە گەییشتە ڕادەیەکی وا کە لە ڕۆژی 29-04-2003دا هەردوو دۆناڵد ڕامسفیڵدی وەزیری بەرگریی ئامریکا و میر سوڵتان بین عەبدولعەزیز لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە هەرچی بنکە سەربازییە گرنگەکانی ئامریکا هەیە لە سعودییەوە بگوێزنەوە بۆ قەتەر. بەو شێوەیە پێدەچێت قەیرانێکی گەورە لەنێوان هەردوولادا ببێت و ئامریکا دۆستێك و بنکەیەکی سەربازیی گرنگی لە خۆرهەڵاتی نێویندا لەدەستدابێت. هەرچەندە ئەم قەیرانە سەرزارەکی باس ناکرێت و واڕادەگەیەنن کە هیچ کێشەیەکی سەربازی لە نێوانیاندا نەبێت!.

ئامریکا دەمێکە هەستی بەگرنگی و بوونی هێزەکانی خۆیی لە ناوچەکەدا کردووە, ڕوودانی جەنگی کەنداوی دووەم هەلێکی باشی ڕەخسان بۆ چەسپاندنی ئەو هێزانە لە ناوچەکەدا و لە جەنگی کەنداوی سێیەمیشدا ئەو هێزانە ئەوەندەی تر بوون.

دیارە تورکیای داگیرکەری بەشێکی گەورەی کوردستان, ساڵانێکی زۆرە هاودەنگ و پارێزەری بنکە سەربازییەکانی ئامریکایە, بەڵام بەهۆی جەنگی کەنداوی سێیەمەوە و خۆشبەختانە ئەو هەڵە مێژووییەی کە تورك تێیکەوت بۆ ڕێخۆشنەکردنی هێزەکانی ئامریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێراق بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی هەردوولا ساردییەکی تەواو بەخۆیەوە ببینێت و کار بگاتە ئەوەی ئامریکا هەڕەشە لە تورکیا بکات تاوەکو هێز نەباتە باشووری کوردستانەوە.
کەواتە لەماوەی ساڵ و نیوێکدا ئامریکا سعودییەی دۆستی لەدەستدا و گومانیشی لە تورکیای دۆستی پەیداکردووە. هەربۆیە ئامریکا دەبووایە بیری لە دۆستێکی تر و بنکەیەکی سەربازیی تر بکردایەتەوە. دیارە ڕزگارکردنی ئێراقیش ئەو بنکەیەی بۆ ئاسانکردووە و چاو دێرەکانیش واڕادەگەیەنن کە باشووری کوردستان ئەو بنکە سەربازییە بێت. پتەوکارییە سەربازییەکانی سوپای ئامریکی لە باشووری کوردستاندا زۆرتر ئەم رایە پشتڕاستر دەکەن.
ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا بۆ کورد هاوکێشەیەکی ڕامیاریی نوێ هاتۆتە کایەوە (**تا ئامریکا دۆستی لە ناوچەکەدا کەمتر ببێتەوە, ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نزیکتر دەبێتەوە**) چونکە دەکرێت کورد ببێتە دۆستێکی نزیکی ئامریکا و خاکەکەی بۆ بنکە سەربازییە ئامریکاییەکان والاّبکات و بشبێتە دۆستی ئیسرائیل.

سەرکردە ڕامیارییەکانی کوردیش ئەمڕۆ لەوباوەڕەدام لە گرنگی و لە دوورییەکانی نامەکەی بارزانی بۆ کیسنجەر تێگەیشتبێتن کە تێیدا نووسیبووی (**ئێمە ئامادەین ببینە ویلایەتی 51ەمینی ئامریکا**). هەربۆیە ئێستا هەموو ئاسانکارییەك بۆ ئامریکاییەکان دەکەن. دیارە لەمەدا هیچ ڕێیەکی ترمان لەبەردەمدا نییە, چونکە ناچارین بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەنفال نەکرێینەوە و سوپای تورك نەیەتەوە سەرمان و ئەوەی لەماوەی ئەم دەساڵەی ڕابردوودا ئاوەدانکراوەتەوە, تێکنەچێتەوە, دەبێت ببینە دۆستێکی ئامادەباشی ئامریکا.

هەربۆیە دەبێت ڕابەرایەتیی ڕامیاریی باشووری کوردستان, بەتایبەتی پارتی و یەکێتی گەلێك ئاگاداری "دوا هەل"ی دامەزراندنی ژیانێکی نویٚ بن بۆ کورد.

http://www.bakhawan.com

hawreh@bakhawan.com